**وەلامێك بۆ پیاوە میانڕەوە ئیسلامییەكە, لەسەر پرسی جینۆسایدی ئێزیدی**

عەلی مەحمود محەمەد

بەڕێز كاك ئەبوبەكر كاروانی وتارێكی بەناوی "رۆڵی نوخبە لە راستكردنەوەی هەڵەكان و قووڵكردنەوەی پێكەوە ژیان", لە تۆڕە كۆمەلایەتییەكان بڵاو كردۆتەوە سەبارەت بە پرسی كوردە ئێزیدییەكان , لەسەر وشە بە وشەی بابەتەكەی سەرنجم هەیە, لێ من تەنها دەچمە سەر ئەو بەشە كەمانەی تایبەتن بە پرسی نكۆڵیكردن و داوای  لێبوردن كردن و دان نان بە راستییە مێژووییەكان.
 بەڕێزی لەم وتارە دەیەوێت لە چوارچێوەی گوتاری رێنوێنی و دڵداری لە نێوان زاڵم و مەزڵوم راستییە مێژووییەكان زیندە بەچاڵ بكات, بەناوی پێكەوە ژیان لە ئەسڵی بابەت لێكۆڵینەوەی وردی مێژوویی و هەڵوێستی یاسایی لەسەر ئەو پێشێلكارییە زەقانەی لە رابردوو رویانداوە خۆی لاداو هانمان دەدات بۆ باسنەكردن و شاردنەوەیان.
 لە سەرتاسەری جیهاندا نكۆڵیكردن لە تاوان, داننان بە راستییەكان و داوای لێبوردنكردن و قەرەبووكردنەوە بوونەتە چواركوچكەی ململانێی نێوان گەلانی قڕكراو و گەلانی قڕكەر, یان وڵاتانی داگیركەرو وڵاتانی ژێر دەست, یاخود ئاینی زۆرینەی زاڵ و پێكهاتەی ئاینی كەمایەتی, لەم نێوەدا تەنها ئەڵمانیایە هەندێك هەنگاوی پراتیكی باشی ناوە. جیهانی نوێ هێشتا قەرزاری رابردووە, قەرزەكان دەبێت بدرێنەوە, راكردن لێیان محاڵە.
كاك ئەبوبەكر كاروانی لە نووسینەكەیدا دەڵێت "دووپات كردنەوەی باسی حەفتا و دوو فرمانی قڕكردن دژ بە یەزیدییەكان لەمێژوودا، ك لەسەر زاری هەندێ نوخبەی یەزیدی و دەرەوەی ئەوانیش لە ناوەندە عەلمانییە كوردییەكەدا، بەكارێكی ناڕاست و دژ بەبەرژەوەندی یەزیدیەكان و پێویستیەكانی پێكەوە ژیانی ئاینی لە كوردستاندا دەیبینم.
 چونكە جگەلەوەی  هەروەك وتمان بەكارهێنانی وشەی قركردن هەڵەیە وە ئەگەر ئیرادەیەك بۆ قڕكردنی یەزیدییەكان لە مێژوودا هەبووایە هەرگیز توانای بە گری لە خۆكردنیان نەدەبوو،...... ـ لێرەشەوە شەرەكان دژبەوان بەشێوەیەكی گشتی دەچنە چوارچێوەی ئەو شەرە زۆرو زەبەندانەی میرنشین و مەملەكەتە موسوڵمانەكان لەناوچەكە پێش ئەوان دژ بەیەك كردوویانە باهەندێ جار هاوشێوەی سوود وەرگرتن لەمەزهەب بۆ نێو موسوڵمانان خۆیان سوود لەوەرەقەی ئاینی وەرگیرابێت" ـ
دەبینین بە ناوی بەرژەوەندییەوە رێگا لە گفتوگۆ لەسەر مێژوو هەڵسەنگاندنی رابردوو و گەڕاندنەوەی ماف دەگرێت, ئەمە پێشێلكارییەكی زەقە بەرامبەر بە قوربانیان, هەرچەندە لە سەرەتاوە یەككرتووی ئیسلامی كۆششی زۆریان كرد

وشەی ئەنفالیش لە فەرهەنگی سیاسی کوردستاندا بەکار نەهێنرێت بەڵام سەرکەوتوو نەبوون.
بە ئاشکرا لە نووسینەکەیدا ئێزیدی بە کورد نازانێت کە دەنووسێت ئێزیدییەکان و کوردە عەلمانییەکان, هاوکات کوردە عەلمانییەکانیش بە موسڵمان نازانێت, چونکە دەیتوانی بنووسێت کوردە ئێزیدییەکان و کوردە عەلمانییە موسڵمانەکان, ئەوە رێکەوت نییە کاك کاروانی نووسیوییەتی بەڵکە باوەڕە, هەڵەی رێنووس و زمانەوانی نییە تێگەیشتنە.
لە جێگایەکی دیکەی پەرەگرافەکەی سەرەوە دەبینین ئەو هاشا لە بوونی جەنگەکان لە مێژوودا ناکات دژ بە ئێزیدییەکان کە بە فەرمان ئەنجامدراون, بۆ سەرجەم پەلامارەکان فەرمان دەرچووە بۆ ئەنجامدانیان, هەموویان جەنگی نا هاوسەنگ بوونە, هەمیشە کوردە ئێزیدییەکان دۆڕاو بوونە و ئەنجام رێژەیەك لە دانیشتووانیان بە کوشتن و بە کەنیزەك و کۆیلە کردن و گۆڕینی ئاین لە دەست داوەو بەشێك لە خاکیان کەمبۆتەوە, لەدوای هەر فەرمانێك لاوازتر بوونە لە پێش فەرمانەکان, فەرمان بابەتی سەرەکییە لە مانفیستۆی جینۆسایدی ئێزیدی.
بۆ ئەو جەنگانە فەرمان واتا بڕیاری بەرزترین دەسەڵاتی سیاسی لە وڵات کە خەلیفەی عوسمانییە دەرچووە, مانفیستۆی جینۆسایدەکە فەرمانەکان بوونە, چۆن مانفیستۆی جینۆسایدی ئەنفال بڕیاری ٤٠٠٨ ە, ئەو کۆمەڵکوژییەکان لە فەرمانی خەلافەتی عوسمانی و بڕیاری دەسەلاتی سەفەوی دەکاتە کاری میرو مەملەکەتە ناوچەییەکان, ئەوانیش کورد بوونە, تاوانەکان لە کۆڵ عوسمانی و سەفەوی و بەغدا دەکاتەوە بۆ ئەوەی پیرۆزییان بپارێزێت خەلافەت نەبێتە جینۆسایدکەر, بەمەش زیاتر کوردی تێوە دەگلێنێت, عوسمانی و سەفەوی و بەغدا پاك دەکاتەوە لە تاوانەکان, لە کاتێکدا بڕیارەکان لە ئەستانەو پایتەختەکان دیکەوە دەرچوونە, زۆربەی فەرمانەکان ئەوان خۆیان جێبەجێیان کردووە, لە بڕی ئەوەی بنووسێت هەموو دەڵێت هەندێ جار سود لە مەزهەب و ئاین وەرگیراوە, بەڵام مێژوو دەڵێت هەموو جارەکان کەڵکی لێ وەر گیراوەو بە فەرمان تاوانەکان ئەنجام دراون, خودی فەرمانەکان پیرۆز بوونە و لادان لێی سزای دنیاو ئاخیرەشی هەبووە.
کاروانی مافی وەبیرهێنانەوەو قسەکردن و هەڵسەنگاندنی رابردوو لە ئێزیدی و نوخبەی بەناو عەلمانی کورد دەسێنێتەوە, لە کاتێکدا نووسەرانی ئەو بوارە کونج و کەلەبەری مێژوو دەپشکنن و خوێندنەوەی بۆ دەکەن, رابردوو بۆتە تاقیگا بۆیان, چونکە جینۆسایدەکان هەموو لە رابردوون بۆ هەڵسەنگاندن و پشکنین.
دان نان بە جینۆساید بەش بەش نییە پاکێجێکی جیهانییە, بە پێی یەك پێوەرو بنەمای جیهانی جۆری تاوانەکان لەسەرتاسەری جیهان دیاری دەکرێت, ناکرێت یەك جۆری تاوان دژ بە پێکهاتەیەك جینۆساید بێت بەرامبەر پێکهاتەیەکی دیکە رووداوێکی عابر بێت, بۆ گەلێك بە دیکۆمێنت بکرێت, بۆ گەلێکی دیکە قسەکردن لەسەری زیاندار بێت و باسکردنی بقە بێت, لەم روانگەیەوە ئەرکی هەموو نووسەران و لێکۆڵەرانی جینۆسایدی کوردە هەڵوێستی خۆیان لەسەر پرۆسەی

جینۆسایدەکان رابردوو و ئێستا دەربڕن, لە دارفورەوە تا غەزەو ئەرمینیاو هۆلۆکۆست, کێش پێی ناخۆشە کەیفی خۆیەتی.

کاروانی لە پەرە گرافێکی دیکەدا دەڵێت: " هەموو بیرکردنەوەیەك دەربارەی ئەوەی ئیسلام وەك ئایین لەگەڵ قڕکردن و پاکتاوکردنی یەزیدییەکاندا بووە، قسەیەکی ناڕاست و خەرافی وناواقیعی و نامێژوویە. چونکە پێکهاتەیەکی ئایینی کەمینەی وەك ئەوان، لەنێو دەریایەك موسڵماندا، گەر ئیرادەی قڕکردنیان بە کردەوە هەبووایە، دەمێك بوو شتێ بە ناوی یەزیدیی، لانیکەم لەم ناوچەدا بوونی نەدەما و چارەنووسیان هەمان چارەنووسی موسوڵمانانی ئەندەلووس دەبوو دوای فەرمانی قڕکردنیان لەلایەن کەنیسەی کاسۆلیکییەوە. بوونی فتوایەك و رەفتاری خراپی میرێ یاخود کاربەدەستێك لێرەولەوێ، ئەم ڕاستییە مێژوویی و واقیعییە ناشارێتەوە. خودی روحییەتە ئیسلامیە بنەڕەتییەکەو باوەری بەفرەئاینییش، کارێکی کردووە، هەموو ئەوشتانە کاریگەریان کاتی و سنووردار بێت و سەر نەکێشێت بۆ قڕکردن وپاکتاوکردن.".
لەمەشدا کاروانی کەوتە هەڵەی هێنانەوەی نموونە, ئیسلام لە ئیسپانیا وەك فەرەنسایە لە جەزائیر, بەڵام ئێزیدی لەسەر خاکی رەسەنی خۆیانن وەك عەرەب لە فەڵەستین, خاوەنداری ئێزیدی بۆ کردستان بەڵگەی حاشا هەڵنەگرترە لە عەرەب بۆ فەڵەستین وەك مێژوو, ئەوان خاوەند خاکن نەك میوان و هاتوو, هەردولایان جوگرافیاکەیان زۆر فراوانتر بووە لە ئێستا, نموونەی نزیك ئێزیدی ئیمارەیان لە حەریر و زاخۆو بەردەرەش هەبووە, ئێستا یەك ئێزیدییان تێدا نییە, هەرچەندە لای من و کاك کاروانیش ئامارێکی ورد نییە بزانین رێژەی ئێزیدی پێش فەرمانەکان چەند بوونە لە کوردستان لە چاو سەرجەم دانیشتوانەوە و ئێستا چەندن؟, قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیان تا کوێ بووە؟ ئێستا چەندە؟, بەڵام دڵنیام لە عەرەبی فەڵەستین زۆر زۆر خراپتریان بەسەر هاتووە.
کاروانی درێژەی پێ دەدات و لە پەرەگرافێکی دیکە دەڵێت :"پێویستە لەم رووەوە یەزیدییەکان ڕێگەنەدەن ئەوان بکرێنە کەرەسەی ناوەندە عەلمانییە توندرەوەکەی کوردستان بۆ دژایەتیکردنی ناسنامەی ئیسلامیی مێژوویی زۆرینەی موسوڵمان.".
قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە مێژوویە پەیوەندی بە دژایەتی زۆرینەی موسڵمانانەوە نییە, دانان بە رابردوو دژایەتی نییە, بەڵکە هەنگاوی راستییە بۆ قەرەبووکردنەوەی رابردوو, راستکردنەوەی هەڵەی مێژووە, دان نان دوژمنایەتی نییە راستکردنەوەیە, ئەم بابەتە پەیوەندی بە دان نانە بە حەقیقەتی تاوانێکەوە باپیرانی ئێمە بەشدارییان تێدا کردووە, پێویستی بەوەیە مێژوو وەك خۆی بخوێنرێتەوەو دان بە حەقیقەتی یاسایی ئەو پێشێلکاریانەدا بنرێت ئەگەر بە بەڵگە هەبن و ماف بۆ قوربانی بگەڕێنرێتەوە, لە رێگای راستکردنەوەی مێژووەوە کۆتایی بە ناشرینییەکانی ماوەی بەسەر چوو بهێنرێت, وەك چۆن ئێمە خۆمان داوا لە عەرەب و فارس و تورك دەکەین و وەك چۆن ئەرمەن دەیەوێت و وەك

چۆن گەلە قڕکراوەکانی جیهان دەیانەوێت و لە بەرامبەریشدا لایەنی بەرامبەر زۆریان بەشێوەی بەڕێزت نکۆڵی دەکەن, واتا نموونەکەی بەڕێزت لەناو هەموو ئەو گەلانەدا هەیە کە گروپێك ئەو داوایەیان لێیان هەیە, نموونەکەی ئێمەش نموونەی هادی عەلەوی و ئۆرهان باموك و کازم حەبیبە, لە پاڵ دان نان بە ڕاستییەکان داوای لێبوردنیش دەکەین.
مەسەلە لێردا ململانێی عەلمانی و ئیسلامی نییە, مەسەلە ویژدانی و یاسایی و ڕاستییە لە بەرامبەر نکۆڵیکردن, داکۆکی لە تاوان, شێواندنی ڕاستییەکان, هەمیشە لەناو ئەو گەل و ئاین و ڕەگەزانەی پێشێلکارییان کردووە ململانێی دەرونی ناوخۆیی لە نێوان دەستەبژێری پشتیوانیکەر لە زۆرلێکراو کەسانی نکۆڵیکەر هەبووە, لە بابەتی ئاینییدا ئینکاریکردن بەرگی پیرۆزیشی لەبەر کراوە.
دەشێت ئەوەی ئینکاری تاوان بکات نەتەوەییەکی عەلمانی توندڕەو بێت, یان چەپڕەو بێت, بەلام ئەوەی دەیکات تاوانبارە ناسنامەکەی هەر چییەك بێت.
ئەمەی بەڕێزی باسی دەکات وەك ئەوە وایە دان بەوەدا نەنێین ئەوەی ئیسرائیل لە غەزە ئێستا دەیکات جینۆساید بێت, یان ئەوەی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبەر کردبێتی جینۆساید بێت, بەڵام خوێندنەوەکان و پێوەرە جیهانییەکان دەیسەلمێنن هەردووکی جینۆسایدن, ئیتر کاروانییەکانی هەر دوو نەتەوە چی بڵێن با بڵێن.
پاشان کاك کاروانی لە درێژەی بابەتەکەیدا دەڵێت"لە ٩٩/ و زیاتری موسڵمانانی کوردستان، دژی داعش بوون. بۆیە کارێکی هەڵە و نامەنهەجییە کەمینەیەکی لادەر بکرێنە نوێنەری ئیسلام، تەنها لەسۆنگەی بەرزکردنەوەی درووشمی ئیسلامییەوە، ئەو لەسەدا نەوەو نۆوزیاترەو ئەوانەی بەپیر ئاوارەکانەوە چوون و ئەو پێشمەرگە موسوڵمان ونوێژکەرانەی دژی داعش جەنگان و بەشێکیشیان شەهید بوون بەکرێن بەنموونە وسەرمەشق! هەڵبەت ئەمەبۆ ناوەند عەلمانییە توندڕەوە کوردییەکەش ڕاستە.".
نازانم کاك ئەبو بەکر ئەم ئامارانەی لە کوێ هێنا؟, چ دەستگایەك و ناوەندێکی زانستی ئەنجامیان داوە وە کەی؟, ئاگای لە وتارەکانی دکتۆر عەبدوالواحید و حرنگەی پێکەنینی بەشداربووی پێش نوێژییەکەی ئەو دەیان و سەدانی وەك ئەو هەیە؟, تەنانەت بانگەواز دەکات کاریان پێ بکەن دواتر بە رابواردنەوە کرێیان مەدەنێ؟, ئەوەی ئەو دەیڵێت هیچ ڕەگەزپەرستێك لە جیهاندا نەیووتووەو نەیکردووە, ئەمە لە هەر وڵاتێکدا بوایە ئێستا لە کونجی زیندان بوو, ئاگاداری تۆرە کۆمەڵایەتییەکان هەیت؟, ئاگاداری شەپۆڵی جنێو و سوکایەتییەکان هەیت؟, بەڵێ لە دەرەوەی داعشیش کەمینەیەك زۆر لەو ڕێژەیە زیاتری ئاماژەی پێدراوە لە کۆمەڵگای کوردستان هەیە تا سەر ئێسك دژ بە پێکهاتەی کوردی ئێزیدین, لە ڕێگای مینبەرەکانەوە زیاتر دنە دەدرێن, لە زووەکەشەوە زۆر دیاردەی ئاپارتایدانە لە دهۆکەوە باس دەکرێت دژ بە پێکهاتەی ئێزیدی لە نەکڕینی ماستایانەوە تا بایکۆتکردنی کارکردن پێیان.

باشه ئەگەر داعش نوێنەری موسڵمانان نەبێت, منیش پێم وایە نە داعش و نە پارتەکەی کاك ئەبو بەکر قەت نوێنەری ئیسلامەکەی نەنکەکانم نین, وە نە کابرای شەشۆش نوێنەری ئێزیدییەکانە, دە وەڵامی دوو مامۆستای منبەرەکانیش بدەرەوە ئەوانەی پەلاماری سەرجەم ئێزیدییەکان دەدەن, مەگەر ئەوانە هەر یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزووتنەەی ئیسلامی نین, رێکخستنیش نەبن لایەنگرو دەنگدەرن.
ئایا پارتەکەی کاك ئەبو بەکر کاروانی وە پارتە ئیسلامییەکان دیکە ئەوەی لە شەنگال رویاندا بە جینۆسایدیان ناساندووە؟, ئایا ئەو ئاگادارە کە جینۆسایدی ئێزیدی لە پەرلەمانی کوردستان تەنها نزیك ٨٠ دەنگی هێنایەوە لە کۆی ١١١ کورسی پەرلەمان؟, ئەمە لەناو دەستە بژێردا وابێت لەناو خەڵکدا چۆنە؟, دەزانی ئەوانەی دەنگیان نەدا کێ بوون؟.
دواتر ئەوانەی داکۆکییان لە ئێزیدی کرد گەریلاکانی پکك بوون؟, لەو چرکە ساتە کەسیتر نەبوو, ئایا ئەوان پێشمەرگەی موسڵمانی موحەمەدین؟.
دواتر کاك کاروانی دەنووسێت:"خۆشبەختانەش ئەمڕۆ چاوپێکەوتنی قاسم شەشۆیی بۆ ناردم کەنوکولی لە لێدوانەکەی دەکات و دەڵێت ئێمە پیر و گەورەکانمان فێریان کردووین رێز لە ئایین و لەوانەش ئیسلام وهەستی ئایینی موسڵمانان بگرین، لێدوانەکەی منیش شێوێنراوەو من باسی توندڕەوی ئیسلامی و داعشم کردووە کەناوی محەمەد بە کار دەهێنن بۆ لێدانی ئێمە، نەك ئیسلام و موسوڵمانان کە ڕێزم بۆیان هەیە و چاکەی ئەوان لە کاتی ئاوارەبوونمان لەبیر ناکەین.. هتد. کەفۆرمێکی داوای لێبووردنە.".
چی دەبێت ئێمەش وەك شەشۆ فێری داوای لێبوردنکردن ببین, با لەمەدا چاو لە شەشۆ بکەین, خۆ شەشۆ خەرمانی بە کەلەی سەری باپیرانمان دروست نەکردبوو, خۆ خاکمانی داگیر نەکردبوو, خۆ کچمانی بە کەنیزەك نەکردبوو, خۆ سەرکردەمانی نەکوشتبوو, خۆ فەرمانی بۆ جینۆسایدکردنمان دەرنەکردبوو؟, بۆ تۆ چەندە خۆشبەختییە داوای لێبوردنەکەی ئەو کە کاری مرۆڤی راقی و هەستدارە, بەهەمان شێوەش ئێمەش بەرز بینەوە بۆ ئاستی مرۆڤی سەردەمی داوای لێبوردن کەر, مرۆڤانێك دەتوانن داوای لێبوردن بکەن رزگارییان بووبێت لە رق و کینە و خۆ بەزل زانین و کۆیلەی داب و نەرێتی شەڕانگێزی.
دواتر کاروانی دەڵێت:"دوایی من سەردانی ناو پەرستگای لالشم وەك شوێنەوارێکی مێژوویی کرد، ".
لێرەدا کاك کاروانی وەك گەشتیاری بەناو لالشدا سوڕاوەتەوە نەك جێگایەکی پیرۆز بێت, ئەمە دان نەنانە بە پیرۆزی جێگاکە, پیرۆزو موقەدەسات هەموو پەیوەستن بە مێژوو و کولتورەوە, هەر ئاینێك هەزار بەڵگەی ناوخۆیی هەیە بۆ پیرۆزی جێگاکانی, ئایا ئاساییە لای تۆ کۆمەڵێك پیاوی ئاینی جیا بۆ گەشتیاری بچن بۆ ناو شوێنە موقەدەسەکان موسڵمانان بەناوی گەشتیارییەوە؟, باشتر نییە ئەو جێگا موقەدەسەی ئەو لای تۆش جێگایەکی ئاسایی نەبێت و رێزلێگیراو بێت ؟.

له کۆتاییدا دەڵێم ژیری ئەوەیە بە دوای راستییەکاندا بگەڕێین, لە پێشدا مێژوو نووسانی لە هەردوولا پشکنین بۆ رووداوەکان رابردوو بکەن, دواتر پسپۆرانی یاسای لێکۆڵینەوە لە رووداوەکان بکەن, ئەوجا دەست بە قەرەبووکردنەوە لە داوای لێبوردنەوە بۆ هەڵگرتنی پەیکەری ئەوانەی دەستیان لە تاوانەکان هەبووە ئەگەر هەبن, مۆنمێنت بۆ قوربانیان دروست بکرێت بەشداری راستییان لە حوکمڕانی کوردستان پێ بکرێت و لە بواری پەروەردە گرنگییان پێ بدرێت.

جینۆساید کردەیەکە هەر دەوڵەتێك ناسنامەکەی چی بێت هەرچ بەهانەیەکیشی هەبێت بیکات جینۆسایدە, ئیتر نەتەوەیی بێت, عەلمانی بێت, ئاینی بێت یان مارکسی, دەزانم ئەمانە بۆ کاك کاروانییەکان گرانە بەلام راستییە ئەمرۆ یان سبەی دەبێت بکرێت.

ئێزیدی کورد بن یان کورد نەبن, چۆن پشتیوانی موسڵمانەکانی بۆرما, عەرەبەکان غەزە, بۆسنییەکان سربیاو جووەکانی هۆلۆکۆست, ئەرمەنەکان , جەزائیری و هیندییە سورەکان, نامیبیا و شیلی و گواتیمالا و کەمبۆدیا و دارفۆر و ....ین و ناسینی ئەو تاوانانەی بەرامبەریان کراوە بە جینۆساید بەشێکە لە مرۆڤ بوون و ئەرکێکی ویژدانییە بۆمان, بە هەمان شێوە داکۆکی لە ئێزیدییەکان و رەتکردنەوەی تاوانەکان رابردوو و قەرەبووکردنەوەی معنەوییان لە داوای لێبوردنەوە تا دروستکردنی مۆنمێنت ئەرکەو نکۆڵی کردن بە تایبەت لە لایەن کەسێکەوە شارەزایی یاسایی هوشیاری مێژوویی هەبێت تاوانەو سزای لەسەرە لە زۆر وڵات.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێم کاك ئەبو بەکر کاروانی میانەڕەوی نزیك لە ناسیۆنالزمەوە ئەمە هەڵوێستی بێت, توندڕەوەکان دەبێت چۆن بیربکەنەوە, بێشك لە دکتۆر چاکتر بیرناکەنەوە, داعش لەو جێگایانەی دەسەڵاتدار بوو وانەی مێژووی لە خوێندنگاکان یاساغ کرد, دەرگای بە ڕوی مێژوودا داخست, ئەمەی کاك کاروانیش دەیەوێت قسە نەکردنە لە مێژوو.

وتارەکەی بەڕێز ئەبو بەکر کاروانی:
Jmara=&https://westganews.net/drejaWtar.aspx?NusarID=٧٦٨٥٨٣

٠٠٩٦٤٧٥٠٣٧١٤٦٢٠